**Fjölmenningardeild Vinnumálastofnunar**
Multicultural Information Centre

VINNUMÁLA STOFNUN

**2025**

**Kurdish (Sorani)**



# منداڵ و لاو

Children and Young People

**زانیاری بۆ ئەوکەسانەی کە تازەکی مافی مانەوەیان وەرگرتووە وەک پەنابەر لە وڵاتی ئایسلاندا**

Information for people who have just been granted the status of refugees in Iceland

## 1. مافەکانی منداڵ

منداڵ ئەو تاکانەی کۆمەڵن کە تەمەنیان نەگەیشتۆتە ١٨ ساڵ. منداڵان بە گشتی پێنەگەیشتوون و لە ژێر سەرپەرشتی و لە ئەستۆی دایکان و باوکانن. پەروەردەیی منداڵ و دەربڕینی ڕێز و خۆشەویستی لە ئەرکەکانی دایک و باوکە. هەرکاتێک دایک و باوک بڕیارێکی گرنگ لە بری منداڵەکایان دەدەن، پێویستە گوێ لە ڕای منداڵەکە بگرن بە ڕەچاوی تەمەنی منداڵەکە. هەتا تەمەنی گەورەتر گەورەتر دەبێت ئەوا گرنگیی زیاتر بۆ ڕاکانی دادەنرێت .

- منداڵ مافی بینین و مانەوەی هەیە لە لای دایک و باوک، هەرچەندە لەیەک شوێنیش/پێکەوە نەبن.
- ئەرکی دایک و باوکە پاراستنی منداڵیان لە بێڕێزی، لە توند و تیژی جەستەیی و دەروونیی. پێویستە دایک و باوک دوور کەونەوە لە بەکارهێنانی توند وتیژی.
- ئەرکی دایک و باوکە دەستەبەرکردنی نیشتەجێ و خواردن و بەرگ بۆ منداڵەکانیان، هەروەها کەل و پەلی قوتابخانە و پێویستی ژیاریی تر.

ئەم زانیارییانە وەرگیراون لە سەر پێگەی نوسینگەی نوێنەرایەتی منداڵ.

[/https://www.barn.is/born-og-unglingar/rettindi-barna-og-unglinga](https://www.barn.is/born-og-unglingar/rettindi-barna-og-unglinga/)

- سزادانی جەستەیی قەدەغەیە. تۆ دەتوانیت داوای هاوکاری و ڕێنمایی بکەیت لە لای سەرپەرشتیاری کۆمەڵایەتی سەبارەت بە شێوازی پەیرەوکراوی پەروەردەی منداڵ لە ئایسلاند
- بە گوێرەی یاساکانی وڵاتی ئایسلاند، خەتەنەکردنی کچان قەدەغەیە لە ناو ئایسلاند یان لەدەرەوەی . سزای ئەو تاوانە لەوانەیە بگاتە ١٦ ساڵ زیندانی. هەروەها سزادانی ئەوانەی هەوڵی بۆ دەدەن یان بەشدار دەبن لە خەتەنەکردنا. ئەم یاسایە دەسەپێنرێت بەسەر هەموو هاووڵاتیانی ئایسلاند و دانیشتووانی وڵات لە کاتی تاوانەکەدا.
- بەشودانی/هاوسەرگیریی منداڵ لە ئایسلاندا ڕێپێنەدراوە. هەر هاوسەرگیرییەک دەربکەوێت کە لایەنێکیان، کوڕەکە یان کچەکە، لە کاتی هاوسەرگیرییەکەدا تەمەنیان خوار ١٨ ساڵ بووبێت ئەوا لە ئایسلاند کاری پێناکرێت. لێرەدا زانیاری زیاتر بخوێنەرەوە لەسەر مافەکانی منداڵ لە ئایسلاند:

- https://www.barn.is/born-og-unglingar/rettindi-barna-og-unglinga/
- https://www.island.is/born
- https://reykjavik.is/rettindi-barna

## 2. باخچەی منداڵان

- باخچەی ساوایان و منداڵان  یەکەم ئاستی فێربوونی منداڵە، لە سیستەمی خوێندنی ئایسلاندی، بەر لە تەمەنی ٦ ساڵ. کاری باخچەی منداڵان لە چوارچێوەی بەرنامەی سەرەکی دەزگای فێرکارییدان بۆ منداڵ لەو تەمەنەدا.
- لە وڵاتی ئایسلاند، ناردنی منداڵ بۆ باخچەی ساوایان ئیجباری نییە، لەگەڵ ئەوەشدا ٩٦٪ی منداڵانی تەمەن ٣ بۆ ٥ ساڵان دەچنە باخچەی منداڵان.
- مامۆستا و کارمەندانی باخچەی منداڵان ڕاهێنراون لەسەر فێرکردن، پەروەردە و چاودێری منداڵ، هەمان شت بۆ پیشەییکانی باخچەی منداڵان کە ڕاهێنراون لەسەر کارکردن لەگەڵ منداڵدا، لەبەر ئەوە منداڵەکانتان لە دەستێکی ئەمیندان کە هەوڵی تەواو دەدەن لە پێناو خۆشگوزەرانیی منداڵ و بەسەربردنی کاتێکی خۆش و بەسوود بە باشترین شێوە بە پێی ئاستی تێگەیشتن و پێداویستییەکانی هەر منداڵێک.
- لە قۆناغی دایەنگا/باخچەی منداڵان، پێش خوێندنی سەرەتایی، فێربوون لە ڕێگای یاری کردن، کاری بەکۆمەڵ و دروستکەرەوەیە کە تێیدا بناغەرێژی دەکرێت بۆ قۆناغی تری فێربوون. ئەو منداڵانەی دەڕۆنە باخچەی منداڵان

ئامادەیی باشتریان تێدایە بۆ قۆناغی خوێندنی سەرەتایی، ئەمەش تەواو بەدیار دەکەوێت لەو منداڵانەدا کە ئایسالاندی زمانی دایکیان نییە.

- ساڵەکانی دایەنگا ڕێخۆشکەرە بۆ فێربوونی زمانی ئایسلاندیی بۆ ئەو مندالانەی زمانی قسەکردنی/ دایکیان جیاوازە لە زمانی ئایسلاندیی، لە هەمان کاتدا هانی دایکا و باوکان دەدرێت کە پشتیوانی منداڵەکانیان بن لە فێربوونی زمانی دایکیان بە شێوازی هەمەڕەنگ .
- باخچەکانی منداڵ هەوڵی تەواوی خۆیان دەدەن بۆ ئاسانکردنی پەیوندی و گەیاندنی زانیاری بەسود بە کەس و کاری منداڵ لە ڕێگەی وەرگێڕان و شیکردنەوەی بابەتەکان.
- پێویستە دایک و باوک منداڵی خۆیان تۆمار بکەن لە باخچەی منداڵان لە ڕێگای سیستەمی ئەلەکترۆنییەوە لە ماڵپەڕی شارەوانییەکان، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستیان بە هەبوونی پێناسی ئەلەکترۆنییە.
- باخچەی ساوایان بێبەرامبەر نییە، بەڵام تا ئاستێکی بەرز پشتگیریی دەکرێت لەلیان شارەوانییەکانەوە. نرخەکانیان لە لایەن شارەوانییەکانەوە دیاری دەکرێت، کە ڕەنگە جیاوازییان هەبێت. داشکاندن ، پشتگیریی، دەکرێت بۆ بێوەژن/بێوەپیاو؛ واتە بۆ ئەو دایکانە یان ئەو باوکانە کە جیان(تەڵاق دروان) یان دەخوێنن ، هەروەها بۆ ئەو خێزانانەی زۆرتر لە یەک منداڵیان لە باخچەی منداڵانە.
- منداڵەکان لە باخچەی منداڵان زۆربەی ڕۆژەکان دەچنە دەرەوەی پۆلەکانیان بۆ یاری کردن و هەواگۆڕین، بۆیە دەبێت بە پێی پێویستی جل و بەرگ لەبەر بکەن، گونجاو لەگەڵ کەش و هەوادا لەبەر بکەن http://morsmal.no/no/foreldre-norsk/2382-kle-barna-riktig-i-vinterkulda
- دایکا و باوکان لەسەرەتاوە هاوکار دەبن لە پرۆسەی ڕاهاتن و تێکەڵاوبوونی (تەواوکاریی) منداڵەکەیان لە قۆناغی پێش خوێندن ، بۆ ئەم مەبەستەش زانیاریی و ڕێنمایی تەواو یان پێدەدرێت لە لایەنی پەیوەندیدارەوە.
- بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر لەسەر باخچەی ساوایان ، بڕوانە لاپەڕەی ڕەیکیاڤیک لەم لینکەوە کە بە چەند زمانێک لەبەردەستە : https://reykjavik.is/baeklingar-fyrir-foreldra-brochures-parents

## 3. خوێندنی سەرەتایی

- لە ئایسلاندا ، خوێندنی سەرەتایی ئیجبارییە بۆ منداڵی تەمەن ٦ بۆ ١٦ساڵ.
- قوتابخانەکان کاری خۆیان ڕێکدەخەن بە پێی ڕێبەری بەرنامەی نیشتمانیی بۆ خوێندنی ئیجباریی و یاساکانی خوێندنی سەرەتایی کە لەلایەن پەرلەمانی ئایسلاندییەوە دارێژراوە. منداڵان هەمووان یەکسانن لە مافی خوێندن و فێربوون بە پێی یاسا ، جەختیش دەکرێتەوە لەسەر لایەنی خۆشگوزەرانیی و بەرەوپێش چوون لە خوێندندا.
- قوتابخانە سەرەتاییەکان پلان و بەرنامەی تایبەتیان هەیە بۆ پێشوازی لەو منداڵانەی زمانی قسەکردنیان ، زمانی دایکیان، جیاوازە لە زمانی ئایسلاندی.
- ئەو منداڵانەی زمانی دایکیان ئایسلاندی نیە مافی ئەوییان هەیە زمانی ئایسلاندی فێر بین وەک زمانی دووەم . لە هەمان کاتدا هانی دایکا و باوکان دەدرێت کە پشتیوانی منداڵەکانیان بن لە فێربوونی زمانی دایکیان بە شێوازی هەمەڕەنگ
- قوتابخانە سەرەتاییەکان هەوڵی تەواوی خۆیان دەدەن بۆ ئاسانکردنی پەیوندی و گەیاندنی زانیاری بەسود بە کەس و کاری منداڵ لە ڕێگەی وەرگێڕان و شیکردنەوەی بابەتەکان .
- پێویستە دایک و باوک منداڵی خۆیان تۆمار بکەن لە قوتابخانە و بنکەکانی چالاکی دووای کاتی قوتابخانە، لە ڕێگای سیستەمی ئەلەکترۆنییەوە، لە ماڵپەڕی شارەوانییەکان، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستیان بە هەبوونی پێناسی ئەلەکترۆنییە.
- خوێندنی سەرەتایی لە ئایسلاند بێبەرامبەرە.

- منداڵان بەشی هەرەزۆریان دەچنە قوتابخانەیەکی نزیک بە شوێنی نیشتەجێبوونیان و هەر منداڵێک لەگەڵ هاوتەمەنی خۆیدا بە چاوپۆشی لە جیاوازی تواناکانیان.
- ئەرکی دایک و باوکە لە رۆژانی نەخۆشی و ئامادە نەبوونی منداڵ کە قوتابخانە ئاگادار بکەنەوە . پێویستە بە نوسراوێک، بە فەرمی، لە بەرێوەبەرایەتی قوتابخانە داوای مۆڵەت بۆ قوتابی بکرێت . [https://mml.reykjavik.is/bruarsmidi/?fbclid=IwAR2X6xDMzRxvVQO1ofFtbToMqfQDmxrGlW61cVICDlwMotfHwD8vW4-SlT0](https://mml.reykjavik.is/bruarsmidi/?fbclid=IwAR2X6xDMzRxvVQO1ofFtbToMqfQDmxrGlW61cVICDlwMotfHwD8vW4-SlT0)

## 4. خوێندنی سەرەتایی، خانەی کات بەسەربردن و بنکە کۆمەڵایەتییەکان

- وانەی وەرزش و مەلە هەردووکیان ئیجبارین لە قوتابخانە سەرەتاییەکانی ئایسلاندا، بە شێوەیەکی ئاسایی کچان و کوڕان پێکەوەن لەو کاتانەدا.
- قوتابیانی قۆناغی سەرەتایی رۆژانە دوو جار تا سێ جار دەچنە دەرەوەی پۆلەکانیان لە کاتی پشوی نێوان وانەکاندا /بۆ هەواگۆڕین ، بۆیە پێویستیان بە جل و بەرگی گونجاو هەیە بە پێی کەش و هەوا.
- جەخت کردن لەسەر هێنانی ژەمێک خواردنی سادە و تەندروست لەگەڵ خواردنەوەی ئاو، شیرینی، خواردنەوە غازییەکان و شەربەت رێگەیان پێنەدراوە لە قوتابخانەدا. لە زۆربەی قوتابخانەکان دایکان و باوکان دەتوانن ژەمە خواردنێکی گەرم بۆ منداڵەکانیان بکرن بە نرخێکی گونجاو.
- لە زۆرێک لە شارەکان و شارەوانییەکان ، قوتابیان دەتوانن هاوکاری وەربگرن لە فێربوون و شیکاریی ئەرکەکانی قوتابخانە لە کۆتایی رۆژەکە لەناو قوتابخانە یان لە کتێبخانەی گەرەک.
- لە زۆربەی قوتابخانەکان خانەی کات بەسەربردن هەیە، لەو بنکانە چالاکی وەرزشی و هونەری هەمەرەنگ پێشکەش دەکرێت بە نرخێکی گونجاو بۆ منداڵانی تەمەن ٦ بۆ ٩ساڵ، لە دووای تەواو بوونی خوێندنی رۆژانە . لە بنکەکانی کات بەسەربردن ، منداڵ دەرفەت وەردەگرێت بۆ راهاتن لەسەر بەکارهێنانی زمانی ئایسلاندی لە فێربوون و یاریکردن و هەروەها دروستکردنی پەیوەندی هاورێیەتی و بەسەربردنی کاتێکی باش.
- لە زۆربەی گەرەکەکان، لە ناو قوتابخانەکان یان لە نزیکیان ، بنکەی کۆمەڵایەتی هەن کە لەوێدا کاری بەکۆمەڵ و چالاکی بنیاتنەر پێشکەش دەکرێن بۆ ئەو منداڵانەی تەمەنیان لە نێوانی ١٠ بۆ ١٦ ساڵانە. لەو بنکانە کار دەکرێت لەسەر بەشداری و کارا کردنی تواناکانی لاوان. هەندێک لەو بنکانە دەرگایان کراوەیە بۆ قوتابیان و کەس و کاریان / دانیشتووانی گەرەک لە دووای نیوەڕوان و ئێواران. هەندێکیشیان لە سەعاتەکانی خویندن و پشووەکان یان کاتی نانخواردن لە رۆژەکانی هەفتە.

## 5. کولتوری قوتابخانە لە ئایسلاند

- لە قوتابخانە سەرەتاییەکان لیژنەیەکی ئیداری قوتابخانە هەیە هەروەها کۆمەڵەی قوتابیان و دەستەی دایکان و باوکان کاران لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی قوتابیاندا.
- لەماوەی ساڵی خوێندندا ، چالاکی زانستی و رۆشنبیریی، ئاهەنگ و بۆنەی هەمەرەنگ رێکدەخرێن بە هاریکاری قوتابخانە لەگەڵ نوێنەری قوتابیان و دەستەی دایکان و باوکان کە پێشتر بانگەواز و ئامادەکاریی تایبەتی بۆ دەکرێت ..
- لە قوتابخانەی سەرەتایی ، جەخت دەکرێتەوە لەسەر پەیوەندی بەتینی نێوان خێزان و قوتابخانە ، ساڵانە دووجار کۆبوونەوە دەکرێت لە نێوانیاندا بۆ تاو توێ کردنی ئاستی فێربوون و خۆشگوزەرانیی . دایکان و باوکان هان دەدرێن کە بەردەوام بن لە پەیوەندی باشدا لەگەڵ قوتابخانە.

- ئامادەبوونی دایکان/باوکان لەچالاکیی یان لە ئاهەنگ و بۆنە ڕێکخراوەکانی ساڵی خوێندن گرنگی باشی هەیە، تا منداڵ هەست بکات بە گرنگیی و پشتیوانیی هەروەها دەرفەتە بۆ دایک و باوک بۆ بینین و بەسەرکردنەوەی منداڵەکەیان لە ناو پۆل و لەگەڵ هاوڕێکانیا و بۆ ناسینی دایکان و باوکانی قوتابییەکانی تر.

- وەک دەرکەوتووە/باوە کە پەیوەندی و لێکتێگەیشتنێکی زۆر باش دروست دەبێت لە نێوان ئەو منداڵ و باوکانەدا/دایکانەدا کە ڕۆژانە کاتێک زۆر ئەبەنە سەر پێکەوە بە یاری کردن .

- ئاهەنگی جەژنی لەدایکبووونی منداڵ لە ئایسلاندا بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی زۆر گرنگە. زۆر جار جەند هاوڕێیەک کە بەرواری لەدایکبوونیان لێک نزیکە کۆ دەبنەوە لەسەر ئاهەنگێکی پێکەوەیی بە مەبەستی بانگهێشکردن و بەشداریی زۆرترین ژمارە لە هاوڕێکانیان. دەبێت هەوڵ بدرێت بۆ بانگهێشکردنی هەمووان لە پۆلەکەدا لە کوڕان یان کچان یان هەردوو ڕەگەزەکە پێکەوە ، دڵنیا بوون لەوەی کەس لە بیر نەکرابێت یان دوور نەخرابێتەوە. زۆر جار دایک و باوک ڕێکدەکەون لەسەر مەسەلەی نرخی تێچووی دیاریی بۆ منداڵ.

- بە شێوەیەکی گشتی، منداڵی قوتابخانە سەرەتاییەکان جل و بەرگی فەرمی، یەک ڕەنگ و مۆدێل ناپۆشن .

## 6. وەرزش ، هونەر و کاتی بێ ئیشیی

بەشداریی منداڵ لە چالاکییە هونەری و وەرزشییەکان بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش گرنگی خۆی هەیە لە ئایسلاندا . مەبەست لە بەسەربردنی کاتێکی باش واتە خولە وەرزشیی و هونەرییەکان، سەرقاڵ بوون بە خولیا و ئارەزووە باشەکانی دەرەوەی کاتژمێرەکانی خوێندنی ناو پۆل. گرنگە دایکان و باوکان ئاگادار بن لە کاری مەڵبەندەکانی کات بەسەربردن لە گەڕەک و شوێنی نیشتەجێیان. چالاکییەکانی کاتی بێ ئیشیی بەهای خۆپاریزیان هەیە بۆیە دایکان و باوکان هان دەدرێن بۆ پشتیوانی منداڵ لەو چالاکییە ڕێکخراوانەدا. لەوانەیە دۆزینەوە و زانینی ئارەزوو/خولیای منداڵەکەت کلیلی سەرکەوتنی بێت لە زۆر لایەنەوە وەک لایەنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، ڕاهێنان لەسەر بەکارهێنان و فێربوونی زمانی ئایسلاندیی. لە پێناو هاندانی منداڵ و دابەزاندنی تێچووی خولەکانی بەشدار بوون لە چالاکییە ڕێکخراوەکاندا ، زۆرینەی شارەوانییەکان یارمەتیی داراییی پێشکەشی منداڵ دەکات لە شێوەی frístundakort کارتی کاتی بێئیشی

• ئامانجی سەرەکی لە کارتی کات بەسەربردن frístundakort کارتی کاتی بێئیشی ، ئەوەیە کە منداڵ و هەرزەکار لە تەمەنی ٦ ساڵ بۆ ١٧ ساڵ بتوانن بەشدار بن لە چالاکییە بنیاتنەرەکان ، بە بێ جیاوازی بارودۆخی داراییی و کۆمەڵایەتیی .

• ئەو یارمەتییە داراییە جیاوازی هەیە لە نێوان شارەوانییەکاندا ، بڕەکەی ٣٥ بۆ ٥٠ هەزار کرۆنەیە بۆ هەر منداڵێک .

• یارمەتییە داراییەکە ئەلەکترۆنییە، ڕاستەوخۆ **دەدرێتە یانە** یان **بنکەی** چالاکیی هونەریی لە بری بەشداریی منداڵ.

• لە زۆربەی هەرەزۆری شارەوانییەکان ، دایکان و باوکان پێویستیان هەیە بە پێناسی ئەلەکترۆنی Rafræn skilríki بۆ تۆماکردن و چوونە ناو سیستەمی کۆمپیوتەریی شارەوانیی ، بۆ نموونە Rafrænn Reykjavík یان Mitt Reykjanes یان لاپەڕەکانم لە Hafnarfjörður، بە مەبەستی ناونوسینی منداڵ لە باخچەی ساوایان ، لە قوتابخانە ، لە چالاکییە وەرزشیی و هونەرییەکان یان بۆ بەشداریی کردن و کڕینی ژەمە خواردنی منداڵەکەت لە قوتابخانە و بۆ ڕاپەڕاندنی زۆر ئەرک و پێداویستی تر کە هەموو ئەم کارانە پێویستیان بە بەکارهێنانی پێناسە ئەلەکترۆنییەکەیە Rafræn skilríki

## 7. قۆناغی ئامادەیی

- ئەرکی قوتابخانە ئامادەییەکان ، ئامادەکردنی قوتابیانە بۆ قۆناغەکانی داهاتووی فێربوون و بەشداری کردنە لە ژیانی عەمەلیی. قوتابخانە ئامادەییەکانی وڵات : Framhaldsskólar á landinu

- بەردەوامی و خوێندن لە قۆناغی ئامادەییدا ئیجباری نییە، هەرچەندە فێربوونی نوسین و خوێندنەوە ئیجبارییە بە پێی یاسا تا تەمەنی ١٨ ساڵ . بۆ ئەو کەسانەی خوێندنی ئیلزامی / سەرەتاییان تەواوکردووە و بڕوانامەی سەرەتایی یان هەر خوێندنێکی هاوتای سەرەتاییان وەرگرتووە یان تەمەنیان گەیشتۆتە ١٦ ساڵ ، دەتوانن دەستبکەن بە خوێندنی ئامادەیی. بۆ خۆ تۆمارکردن لە قۆناغی ئامادەیی : Innritun í framhaldsskóla

- بۆ زانیاری زیاتر : https://www.island.is/framhaldsskolar

## 8. ڕێساکانی مانەوەی منداڵ لە دەرەوەی ماڵ

لە ئایسلاندا ، ڕێسا هەیە بۆ سنوردارکردنی چوونەدەرەوەی منداڵ و کاتی مانەوەی لە دەرەوەی ماڵ ؛ بۆ ئەو منداڵانەی تەمەنیان لە خوار ١٦ ساڵەوەیە. بەندی تایبەت هەیە کە پێمان دەڵێت منداڵ هەتا کەی و چەند بۆی هەیە لە دەرەوەی ماڵ بێت ئێواران/شەوان بێ ئەوەی کەسێکی گەورەی لەگەڵدا بێت. ئامانج لەم ڕێسایانە پارێزگارییە و لە پێناو پەروەردەی باش و دروستی منداڵ و هەرزەکارانە تا لە کەش و هەوایەکی دروستدا گەورە ببن .

### * ڕێساکانی مانەوە لە دەرەوەی ماڵ

* بە پێی برگەی 92 یاسای ژمارە. 2002/80

لە کاتی قوتابخانە 1 ی ئەیلول/ سێپتەمبەر هەتا 1 ی ئایار/ ماي

12 ساڵ و کەمتر بۆیان هەیە لە دەرەوە بن هەتا کاتژمێر 8 ی ئێوارە

13 – 16 ساڵ بۆیان هەیە لە دەرەوە بن هەتا کاتژمێر 10 ی ئێوارە

لە ماوەی 1 ی ئایار/ ماي هەتا 1 ی ئەیلول/ سێپتەمبەر

12 ساڵ و کەمتر بۆیان هەیە لە دەرەوە بن هەتا کاتژمێر 10 ی ئێوارە

13 – 16 ساڵ بۆیان هەیە لە دەرەوە بن هەتا نیوەشەو 12 ی شەو

**پێکەوە** www.samanhopurinn.is SAMAN

دایکان و باوکان .. وەرن با پێکەوە بین ، با یەک بگرین !

دایکان/باوکان دەتوانن ماوەکە کورت بکەنەوە نەک درێژکردنەوە . چاوپۆشی لە ڕێساکان دەکرێت، کاتێک منداڵی تەمەن ١٣ بۆ ١٦ ساڵ لەگەڵ کەسێکی پێگەیشتوودان ، یان بە ڕێگاوەن بۆ ماڵەوە لە قوتابخانەوە یان لە دووای بەشدارپی لە مەڵبەندی چالاکی هونەرپی و وەرزشییەوە. تەمەنی منداڵ بە ساڵی لەدایکبوون حساب دەکرێت




## 9. خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان، شارەوانییەکان و هاوکاری منداڵ

- شارەوانییەکان لە چوارچێوەی خزمەتگوزارییەکانی قوتابخانەدا کارمەند دادەمەزرێنێت بۆ؛ ڕاوێژکاری فێرکردن ، دەروونناس ، پسپۆڕی نوتق کە کار و خزمەتی هەمەلایەن پێشکەش دەکەن بە قوتابی، بە دایکان و باوکان و بە قوتابخانەی سەرەتایی و باخچەی منداڵان.
- بنکەکانی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتیی سەر بە شارەوانییەکان کارمەند دادەمەزرێنن لە بواری کاری کۆمەڵایەتیی ، ڕێنمایی کردن لە پەروەردەی منداڵ ، بۆکێشە داراییەکان ، بۆ پێدانی ئامۆژگاریی تەندروستی لە کاتی ئالودە بوون بە ماددەی بێهۆشکار، بۆ باسکردنی پەیوندی کۆمەڵایەتیی ، کێشەی خێزان و جیابوونەوە ( تەڵاق) و بابەتی تر .

- دەتوانیت داوا پێشکەش بکەیت بۆ وەرگرتنی یارمەتی دارایی بۆ منداڵ لە بنکەی خزمەتە کۆمەڵایەتییەکان بە مەبەستی پارەی منداڵ لە باخچەی ساوایان، ڕەوزە، یان بۆ کڕینی نانی نیوەڕوان لە قوتابخانە ، بۆ تۆمارکردن لە لە مەڵبەندەکانی هونەری و وەرزشی یان بنکەی کات بەسەربردنی هاوینە و دیدەوانیی . ئەو یارمەتییە داراییە لە شارەوانییەکەوە بۆ بۆ شارەوانییەکی تر جیاوازە و دکەوێتە سەر داهات و ئاستی گوزەرانی خێزان.
- پێویستە پەنابەر ڕەچاوی ئەوە بکات کە داواکان هەڵدەسەنگێنرین، بە گوێرەی داهاتی خێزان و ئاستی گوزەران .پێویستە هەمووان ملکەچی یاسا و ڕێساکانی شارەوانییەکان بکەن سەبارەت بە دەرماڵە و دابەشکردنی برە یارمەتییەکان ، چاوەڕووانی ڕەزامەندی لیژنەکان بن لە شوێنی نیشتەجێ.

## 10. یارمەتییە داراییەکانی منداڵ

- دەرماڵەی منداڵ ئەو یارمەتییە داراییەیە کە بەڕێوەبەرایەتی باج و داهات دەیدات بە دایک و باوک یان ئەو بەخێوکارەی منداڵ کە ئەرکی پەروەردە و چاودێری منداڵەکەی لە ئەستۆیەو لە ماڵێکدا پێکەو دەژین.
- دەرماڵەی منداڵ ئەوەستێتە سەر داهاتی خێزان. ئەوانەی داهاتیان کەمە یارمەتی دارایی منداڵ زیاتر وەردەگرن و پێچەوانەکەشی ڕاستە .
- دەرماڵەی منداڵ لەم مانگاندا دەدرێت : 1 فبرایر/شوبات ، 1 مایو/ئازار، 1 یونیو/حوزەیران لەگەڵ 1 أكتوبر/تشرینی یەکەم.
- کاتێک منداڵ لەدایک دەبێت یان تازە دێت بۆ ئایسلاند ، هەندێک جار ماوەی هەتا ساڵێک دەخایەنێت بۆ ئەوەی دایک و باوک دەرماڵەی منداڵ وەربگرن، بگرە دووساڵی پێدەچێت تا دەرماڵەی تەواوی منداڵیان بۆ سەرف بکرێت !
- بۆ پەنابەران دەتوانن داوا پێشکەش بکەن بە مەبەستی وەرگرتنی یارمەتی زیادە لە بنکەکانی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی بۆ پڕکردنەوەی جیاوازی داهات. پێویستە پەنابەر ڕەچاوی ئەوە بکات کە داواکان هەڵدەسەنگێنرین بە گوێرەی داهاتی خێزان و ئاستی گوزەران .پێویستە هەمووان ملکەچی یاسا و ڕێساکانی شارەوانییەکان بکەن سەبارەت بە دەرماڵە و دابەشکردنی یارمەتییەکان، چاوەڕووانی ڕەزامەندی لیژنەکان بن لە شوێنی نیشتەجێ.

## 11. دامەزراوەی تەئمینی حکومی و مەسرەفی منداڵ Tryggingastofnun Ríkisins (TR)

**مەسرەفی منداڵ ؛** بریتیە لەو برە پارەیەی مانگانە وەک موچە لە باوک یان دایک ی منداڵ دەسەنرێت بۆ ئەو منداڵەی لەلای دایکەکە یان باوکەکەیە ، بە پێی ڕێککەوتنی نێوانیان. مەسرەفی منداڵ موڵکی منداڵە و دەبێت بۆ منداڵەکە سەرف بکرێت. دەکرێت داوا لە دامەزراوەی تەئمینی حکومی (TR) Tryggingastofnun Ríkisins بکرێت بۆ نێوانگیری لەمەسەلەی وەرگرتنی مەسرەفی منداڵ.

- پێویست دەکات بە پیشاندانی/پێشکەشکردنی بەیاننامەی لەدایکبوون.

**موچەی منداڵ ؛** برە موچەیەکی مانگانەیە لە لایەن TR دەدرێت بە منداڵان لە دووای مردنی دایک یان باوک، یان یەکێکیان لەسەر پارەی بەساڵاچووانە ، یان کەم ئەندامە یان موچەی قۆناغی ڕاهێنانەوە وەردەگرێت.

- پێویست دەکات بە پشتڕاستکردنەوەی/پیشاندانی بەڵگە لەسەر چارەنوسی باوک یان دایک ؛ بەیاننامەی کۆچی دووای /وەفات نامە یان ڕاپۆرتی باوەڕپێکراوی لیژنەی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران یان بەڵگەنامەی مۆرکراوی بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری بیانیان.

**موچەی دایکانە/باوکانە :** برە پارەیەکی مانگانەیە لە لایەن TR دەدرێت بۆ ئەو دایکانە/باوکانە ی دوو منداڵ یان زیاتریان هەیە لەگەڵیاندا دەژین لە ماڵێکدا وە بە پێی یاسا جیابوونەتەوە ( تەڵاق دروان) .

https://www.tr.is/ Tryggingastofnun : دامەزراوەی تەئمینی حکومی

- پێشکەشکردنی داوا لە * لاپەڕەکانم* لەسەر پێگەی : Tryggingastofnun https://innskraning.island.is/?id=minarsidur.tr.is
- لێرەوە بۆ نمونەی فۆرم و پێشکەشکردنی داوا : https://www.tr.is/tryggingastofnun/umsoknir
- لاپەڕەی زانیاری بەردەست دەربارەی Tryggingastofnun به زمانی ئینگلیزی : https://www.tr.is/en

## 12. زانیاری بەسود

- **نوێنەری منداڵ :** کارەکانی نوێنەرایەتی/وەکیلی منداڵ بریتیە لە چاودێری مافەکانی منداڵ و دەستەبەر کردنی تەواوی پێداویستی و بەرژەوندیەکانیان. بۆ هەمووانە کە ڕوو بکەنە نوسینگەی نوێنەری منداڵ بۆ پرس و ڕا لە کار وباری منداڵ. هەمیشە کارەکان لە بەرژەوەندی منداڵە و منداڵ لە پێشە

  تەلەفۆنی ژمارە : 522-8999

  هێڵی تەلەفۆنی منداڵان - بێ بەرامبەرە - 800-5999

  پۆستی ئەلەکتۆنی : ub@barn.is
- **ئێمە و منداڵەکانمان** – زانیاری بەسود بۆ خێزانەکان بە هەروو زمانی ئینگلیزی و ئایسلاندی